# گەنج .. هەوێنی ریفۆرمی واقع یان گرفتار بەبڕیاری دەستەمۆیی



مەولود حەمەد مستەفا

ڕەوتی ژیان لای هەرکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، جالەهەر ولاٗتێکی سەر رووی ئەم زەمینەبێ بەجیاوازی رەگەزو نەتەوەو ئاین‌و کولتوورەوە، بەو مەرجەی بەتەواوی پێینابێتە ناو چوارچێوەی ژیانێکی شارستانیانەی پڕواپڕ لە ئاسودەیی‌و تێر بەهەموو پێویستیە هەمە رەنگەکانی بەرهەمی تەکنەلۆژیای هەرە تازەی ئەم سەردەمەو لەژێر بڕیاری نەریت‌و فەرهەنگێکی کراوەو باوەڕبوون بەخۆ نوێکردنەوەی بەردەوام لەگشت بوارەکان، بەواتایەکی دی، کۆمەڵگایەك هەر تاکێکی هەم وەك خود تاکێکی کاراو ساغبێ بۆ گەورەییەتی بەهای مرۆڤایەتی‌و دواتر لەنێو ژیانێکی فەراهەم بەهەموو بوونەکانی لەشێوەی نموونەییەکی یۆتۆپیاییدا بێت، ئەوەی ئێستا لەزۆر ولاٗتانی پێشکەوتوودا دەبیندرێ. پێکهاتەی ئەم مۆدێلە نوێیەو تەندروستی ژیان، کە هەندێکمان لەئاستیدا سەرمان سوڕماوەو پێمانوایە بەشێکی هەر خەیاڵە. کەچی وەك بەرهەمێك گومانی تێدانییە، زادەو دەستکردی توانای عەقڵ‌و هێزی جەستەی مرۆڤەکانە بەهەردوو رەگەزەکەیەوەو بەبەشداری تەواوی چین‌و توێژو تەمەنە جیاوازەکان، بەمنداڵ‌و گەنج‌و پیرەکانیشەوە روونتریش لەمە ئەم رەوتەی ژیان لەزنجیرە ئەڵقەیەکی تێکهەڵکێش کراو دەچێ، کەتەمەن‌و قۆناغ بەرهەمی تواناو وزەی خۆی وەك دیارییەك دەداتە دەستی تەمەنی نەوەی دوای خۆی، واتە جۆرێك لەهاوبەشی‌و یەکتر تەواکردن هەیە، ئیدی ئەوەی جێی سەرنجە لەونێوەندەدا، گەنجیش وەك پێکهاتەیەك کارەکتەرێکی زۆر دیارو گرنگە لەم کایەدا، تواناو ئەرکەکەشی گەر زۆرتر نەبێ، ئەوا بەبەراورد لەبەرامبەر تەمەنەکانی دیکەدا کەمتر نییە. گەنج کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، کەزۆر دیارو جیاوازترە لەبەرامبەر قۆناغەکانی دیکەدا، بوونەتە بەشێك لە پێناسەکەی‌و پێی دەناسرێتەوە، هەر ئەمانەشە وایکردووە ببێتەهۆی زیاتر دروستبوونی متمانەی زۆرو جێ ئومێدی هاتنەدی ئامانجەکان لای نەوەکانی دوای خۆی، لەوانە وەك: توانستی کارای مەیدانی، بیرکردنەوەیەکی واقعی بۆژیان، لێبوردەیی‌و پشودرێژی، خۆبەخشی‌و دورکەوتنەوە لە بەها مادیەکان، باوەڕبوون بە بەهای مەعنەوی‌و مەعریفیەکان، سەرباری توانای جەستەیی‌و عەقڵی، ئاسانتر ئامادەبوون لەبەردەم دەروازەی خێراوەرگرتن‌و کارکردن لەشێوە پراکتیك کردن‌و بوێریش لەئاست بەربەستە ئەستەمەکان‌و توانای سەرکردایەتی کردن... هتد، کەواتە کۆی هەموو ئەو سیفەتانەیە کەوایکردووە پشکی شێر لە تەواوی گۆڕانکاریەکان‌و بەدەستهێنانی داهێنانەکان‌و خەلاٗتکردنی قوربانیدانەکانیش لەو پێناوەدا بەرئەو تەمەنە بکەوێ. لەئەنجامی سەرچیغە سەرنجدانێکی بەراوردکاری بۆ گەنج لەزەمەنەکانی دوێنێی رابردووی بەر لە راپەڕین‌و دوای راپەڕینیش تا ئێستا بۆمان دەردەکەوێت، کە پێش راپەڕین لەم باشورەدا، بەحوکمی هەبوونی هەلومەرج‌و دەسەلاٗتێکی دۆگماو شۆڤێنی‌و هەروەها خوێندنێکی تەندراو بە میتۆدی بەعسیزم‌و پەروەردەو خێزان‌وخوونەریتی کۆمەلاٗیەتی ژێر رکێفی هەمیشەی چاوی سانسۆری داگیرکەران، گەنجێکی نەخۆش‌و خۆبەبچوکزان‌و گوێڕایەڵ‌و راڕاو بێ ئیرادەو شەرمن هاتە ئاراوەو سنوورەکانی ژیان‌و بیرکردنەوەکانی لەچوارچێوەی چەند هێڵێکی سوور بۆدیاری دەکراو تەنانەت دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆو پەیمانگاکانیش، دەبوایە یەکسەر بەزۆرە ملێ بچێ خزمەتی سەربازی لەدژی میللەتەکەی خۆی بکات. بەلاٗم دوای راپەڕین بەهۆی راماڵینی دەسەلاٗتی بەعس، جۆرێك لەئازادی هاتە کایەوە، کەچیدی بەمانا نەیتوانی ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوەو لەهەمان کاتیشدا دەسەلاٗتی کوردیش لەئاست ئەم پرسە چونکە زەمینەی ئەو ئازادی لەپێناو خۆهێشتنەوەی لەهەیمەنەی کورسی دەسەلاٗت، لە ململانێی بەرتەسکی حزبیدا تاهەنووکەش چڕکردۆتەوە، بۆئەم مەبەستە تاکە توێشوویەکی کارا کەشکی دەبات گەنجەو کردوویەتیە بەشێکی دیارو ئەکتیڤی ئەم گەمەیە. سەبارەت بەهەبوونی هەندێ لەو فاکتەرو پاساوانە، گەنج خۆیشی تارادەیەك خەتابارەو خۆی بچوك کردۆتەوەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری سەرجەم ئەو بەربەستانەو لەوەش خراپتر خۆی دەستپێشخەری ئەنجامدانی نەهامەتیەکان بووەو بەسەر خۆی کردوونەتە ماڵ. ئەوەتا لەم رۆژگارەدا کراوەیەدا وێڕای بوون‌و کارئاسانی لەزۆربوارەکاندا رووەو هەنگاوی پۆزەتیف مل ناداتە بەرنمایشکردنی دەوری بونیەتی خۆی، هەر لەخوێندنەوە بگرە تا بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل‌و تۆڕی ئینتەرنێت، لە ئاراستیەکی دیکەوە کەسەری گەورەتر خۆی کردۆتە دەستکەلاو لەژێرناوی کۆمەڵێك ناوی بریقەداری وێنەی پەیمانگاو سەنتەرو ناوەندو رێکخراوی جۆراوجۆری هۆشیاری، نوێگەری، گەشەپێدان، بەمەدەنی‌و دیموکراسیکردنی کۆمەڵگە...هتد کاردەکات، کەچی لەولاشەوە دەشزانێ هەموو ئەمانە بەرهەم‌و زادەی حزبی رۆژهەلاٗین‌و بۆزیاتر قەڵەوکردنی حزب‌و پاوانخوازی بۆ دەسەلاٗت کاردەکەن. دواجار دواجار هەست دەکات لەسەرەنجامدا تەواوی بڕیاری ئازادی خۆی وەك تاك لەدەست داوەو دەستەمۆ بووەو کەوتۆتە کۆنترۆڵی ئەوانی دی‌و دەبێ لەمەودوا هەر بەڵێ بەڵێی بێ بۆ گەورەکان‌و هیچی تر، ئەگینا بەسەر لێشێواوو یاخی بوون‌و گێرەشێوێنەو بەدەست لەپشت لەقەڵەم دەدرێت، کاتێکیش بەویژدانەوە هەڵوێستەیەك لەخۆی دەکات، کەوتۆتە نێو زەلکاوێك کەنەك جێی ئومێد بۆ گۆڕانی ئەو واقیعەی کە پێویستی بەریفۆرم هەیە بۆ گەنجەکان، بەڵکو خۆی رێگرو هێڵی سوورە، پیرو سەردەستەکانیش دڵخۆشن بەوەی کە گرەوەکەیان بردۆتەوە لەوەی کە ئەو گەنجەی لەبەردەستیانە، دەستەمۆ بووەو چۆنیان بوێت ئاوا وەك مقاش بەکاری دەهێنن. ماوەتە بڵێم: وەك سەرەنجامێك لەم نووسینەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە گەنج لەو واقعەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی لەچەند لاوە کراوەتە سوتەمەنی‌و خێری لەتەمەنی گەنجێتی خۆی نەدیوە، بەرهەمێکیش ئێستا لەکاردایە کە رێژەی زۆر توندوتیژەو یاخی بووەو بەشێکیشی گرفتارە بەدەم هەندێ مادەی بێهۆشکەری جۆراوجۆرەوە لەلایەك‌و دەستەمۆبوونیشی بەدەم دەسەلاٗتەوە لەلایەکی ترەوە. تا ئێستاش هەڵوێستەیەکی جددی لەسەر دووبارە بنیاتنانەوەی کەسێتیەکی تەندروست بۆگەنج‌و دابینکردنی داخوازیەکانی نەکراوە، تا ببێتە هەوێن‌و قەڵغانێکی پتەو بۆ پاراستنی نیشتیمان‌و نەتەوەکەمان لەچاوی داگیرکەران، بۆیە دوای دەربڕین، گەر گەنج هەربەتەمای ئەو شێوازو بڕیاری کارکردنەبێت، ئەوا زۆر مەحاڵە رزگاری بێت لەو واقعەی کەتێی کەوتووە، بەڵکو بۆچارەسەرێ دەبێ لەمەودوا بۆ مۆدێل‌و شێوازێکی نوێی کارکردنەوە بێتە مەیدان، کە جیاوازبێ لە ئەزموونەکانی رابردووی‌و شێوە ریفۆرمێکی هەمە لایەنەبێت، ئەوسا هەم گەنج وەك وەك خۆی لەوکەسێتیە تێك‌و پێك شکاوی رزگاریدەبێت‌و هەم تەواوی کۆمەڵگەش لەسایەی کۆشش‌و تواناکانی دەگاتە ئامانج.

# گەنج لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریدا

نەسرین حەسەن

سیستەمی دیموکراسیەت رۆژ بەرۆژ هەنگاوەکانی بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی خێراتر دەبێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە شالاوی بەمادییبوون و عەقڵییەتی تاکی بەرەو ئاراستەیەك دەبات کە ئارەزووی پلەو پایەو گەیشتن بەسەروەت و سامان وەك ئایدۆلۆژیایەك بۆتە بنەمایەکی فکری کە بنەمای ژیانی لەسەر دادەڕێژرێت، شالاوی پێشکەوتن و سوود وەرنەگرتنی بە شێوەیەکی زانستیانە بۆتە ئاستەنگێك لەبەردەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی توێژی گەنج. کە رۆژ نیە رووبەرووی کۆمەڵێك گرفت نەبێتەوە بەتایبەتی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کە لەچوارچێوەی کولتورێکدایە لەگەڵ رەهەندەکانی ژیانی ئەمرۆی گەنجدا ناگونجێ و بەردەوام ناکۆکیەك لەگەڵ مێژووی فەرهەنگی رابردوودا دروست دەبێت بەتایبەتی پرۆسەی هاوسەرگیری کە یەکێکە لەو گرفتانەی کە زۆربەی خێزانەکان رووبەڕووی دەبنەوە. دیارە تەلاق و جیابوونەوە رۆژ بەرۆژ



لەپەرەسەندندایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارەی کەتێیدا دەژین، گەشتێکی خێرا بەرەو ژیانێکی باشتر، چاولێکەری و لاساییکردنەوەی فەرهەنگی رۆژئاوایی زیاتر لەکێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، گەنج ئەمرۆ لەبەردەم قۆناغێك دایە کە سەرەڕای نا سەقامگیری بارودۆخی سیاسی هەروەها لەبواری ئابووریشدا بگاتە ئەو رادەدیەی کە بتوانێت ژیانێکی باش و گونجاو بۆخۆی دەستەبەربکات، بەڵام ئەمرۆ دەبینین کە بەربەستەکان ئەوەندە زۆرن کە زۆرجار گەنج نا ئومێدانە بیر لەژیانی هاوبەشی دەکاتەوە. نەبوونی ئیش و کارێکی گونجاو بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان، بێئومێدی گەنج لە خوێندن بەهۆی کەمی مووچە و بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕ بەرەو چارەنوسێکی دژواری دەبات، زاڵبوونی فەرهەنگی رۆژئاوایی و دوورکەوتنەوە لە فەرهەنگ و کولتووری کوردی تارادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر لاوازبوونی بنەماکانی ژیانی هاوبەشی هەیە و هەستی خۆشەویستی کە پیرۆزترین بەهای مرۆڤە کرچ و کاڵ دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەمای ژیانی هاوبەشی زیاتر بەرەو دارمان بچێت. ئەوانەی باسمکردن زیاتر پەیوەندی بەو هەل و مەرجەی ئەمرۆ هەیە بەڵام هەندێك خاڵی دیکە کە بەداخەوە بنەمای پرۆسەی هاوسەری لەسەر دانانرێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە تاوەکو ئێستا بیرکردنەوەیەکی زانستیمان بۆ ئەو پرۆسەیە نیە و بەتەواوی لەواتەی ژیانی هاوبەشی تێنەگەیشتووین، گرنگی ئەو بابەتەمان بەلاوە زۆر ئاساییە:-

١-جیاوازی بیروڕا: دوومرۆڤ زۆر ئاساییە کە خاوەن دوو بیروو بۆچوونی جیاواز بن و ئازادبن لە دەربڕینی بیروڕاکانیان بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تاچەند رێز لە بیری کەسی بەرامبەرمان دەگرین و یان بۆچوونەکانی کەسی بەرامبەرمان بەلاوەگرنگە و ئەمەش تاچەند لەنێو خەڵکدا رەچاو دەکرێت، هەرکام لەئێمە تاچەند لەجیاوازییەکان بەمەبستی بەرەوپێشچوونی فکرەکان کەڵك وەردەگرین و یان ئەوەتا تەنیا بۆ دژایەتی کردن و بریندارکردنی هەستی بەرامبەر بەکاری دێنین.

٢-جیاوازی چینایەتی: هەبوونی چینی جیاواز کۆمەڵێك ئاریشەی بەدوا دێت، بەتایبەتی لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا کەئەگەر ژیانی هاوبەشی لەسەر بنەمای



لێك تێنەگەیشتن دانەمەزرابێت، ئەوە راستەوخۆ ئەم بابەتە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ جیابوونەوە کە واتا زۆر گرنگە کە لەهەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان ئەو خاڵە رەچاو بکرێت.

٣-جیاوازی پەروەردەیی: هەڵبەت دووکەس کە ژیانی هاوبەش پێکدەهێنن هەر کامەیان لەخێزانێك گەورەبوون کە دوو پەروەردی جیاوازی هەیەو ئەو جیاوازیە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەزۆر شتدا بەیەکەوە نەگونجێن، تەنانەت لەشێوازی قسەکردنیشدا کەواتا پەروەردە رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ئەوەی بنەمای ژیانی هەرتاکێك بەشێوازێکی ئیجابی گەشەی سەندبێت ئەگەر پەروەردەیەکی رۆشنبیرانە بێت.

گەنج هەموو کات لەبەردەم کۆمەڵێك هەرەشەی ژیاندایە کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر رەوشی ژیانیدا دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن گەنج بتوانێت لەبەرامبەر هەر هەرەشەیەکدا خۆڕاگربێت و وەك گەنجێك بەشێوەی باش سوود لە گەنجیەتی خۆی وەرگێت. بەڵام ئایا گەنج بەتەنیا دەتوانێت بەسەر ئەم قۆناغەدا تێپەڕێت گەر هاوکاری لایەنێك یان کەسێکی نەبێت، کەواتا پێویستە گرنگی زیاتر بەتوێژی گەنج بدرێت بۆئەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە لەهێزو توانای خۆی بۆ دووارۆژێکی گەش سوود وەردەگرێت و بەهەموو لایەك رێگای ئەو ژیانەی بۆ ئاسانتر بکەین.



# محەمەد سینەمۆکی:
# ئیسلامیەکانیش جۆرێك لەعەقڵیەتی داخراوییان هەیە

دیدار: ئەرسەلان مەحمود

محەمەد سینەمۆکی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیو بەرپرسی مەڵبەندی(5)ـە لەڕانیە، لەدیدارێکی فرەتەوەردا بۆ خوێنەرانی زنار هێنامانە دواندنو ئەویش بە سینگێکی فراوانو وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی داوەوە

زنار: چ زەروریەتێکی بابەتی لەپشت هەبوونی حیزبە ئیسلامیەکانی دوێنێو ئەمڕۆی کوردستانەوە هەیە؟..پێگەی کۆمەڵی ئیسلامی لەناو ئەو هاوکێشانەدا، چییە؟..

محمد سینەمۆکی: بسم الله الرحمن الرحیم..لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە، تائێستاش پەرستگا کلدوئاشوریەکانو یەزیدیەکان، هەرماوونو لەکاتێکدا ئەوان کەمە نەتەوایەتینو بێدەسەڵات بوون. دیارە لەوکاتەوەش کە حیزبە علمانیەکانو یان چەپو ڕاستەکان سەریان هەڵداو بانگەشەی ئەوە دەستی پێکرا بەناوی جیاکردنەوەی دەسەڵات لەدین( فصل الدین عن الدولە) ئەمەوایکرد مسوڵمانان بەئاگابێنەوەو بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کەئەمە بۆخۆی لەتکردنی دینە، چونکە ئیسلام (کل لایتجزأ) ئیسلام پارچەپارچە ناکرێت، زۆرجارانیش لەئەنجامی لێحاڵی نەبوون، کۆمەڵێك خەڵك هەڵساون هەریەکە بەپێی حەزو ئارەزووی خۆیان پارچەیەکی لەئیسلام کردوە بەهەموو دین، ئەمەش مەرفوزە، قورئان بۆخۆی لۆمەی ئەهلی کتاب دەکات. ( أتأمنون ببعض الكتاب وتكفرون ببعضه) واتە باوەڕتان بەبەشێك لەقورئان هەیەو باوەڕتان بەبەشێکی ترنییە، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆش حکومەتی هەرێم پیادەی شەریعەتی ئیسلام بکات، لایەنە ئیسلامیەکان هەر ئەوەیان دەوێت، هیچ بەدیلێك نامێنێت بۆ ئەوەی حیزبی ئیسلامی هەبێت، بێگومان ئێمەش وەك کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی خاڵی نین لەهەڵەو کەموکوڕی توانیومانە هاوکارێکی باشبین بۆ سەرجەم لایەنە سیاسیەکان، خۆمان بەبەشێك لەپارێزەری ئەم ئەمنو ئاسایشە دەزانین.

زنار: بەشێکی زۆر لەبیریارانی مرۆڤایەتی لەسەرئەوە کۆکن کە عەقڵی مرۆڤ، شتێکی خراپتری لەحەقیقەت دانەهێناوە، بەو مانایەی هەرکەسو لایەنێک خۆی بەشوێنکەوتەی حەقیقەت دەزانێ، جائەگەر ئەوکەسو لایەنە مێژووشی ڕەش بێتو پڕیش بێت لەپیلانگێڕی..دەکرێ سەرنجی ئێوە لەهەمبەر ئەم تێڕوانینە بزانین؟..

سینەمۆکی: گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەگەڵ دروشمەکانیدا ڕاست بێتو بزانێ چۆن دەیانخاتە سەر ئەرزی واقع، حەقیقەت خەیاڵ نییە، حەقیقەت بناغەیەکی زانستی هەیە، هەروەك چۆن هەبوونی خوا بەستراوە بەدروستکراوەکانیەوە لەئاسمانو زەویو ...هتد..

زنار: چ جیاوازییەک لەنێوان بیروفکری کۆنەخوازی، ئەوانەی بەرگری لەمانەوەی سیستەمی باودەکەنو نەیارەکانیان کە بانگەشەی سیستەمێکی نمونەیی دەکەن، دەبینن؟..

سینەمۆکی: هەندێ زاراوە لەمیدیاکانەوە دەبیستین بەناوی کۆنەپەرستی، ئەگەر مەبەست لەوە بێت کەهەر شتێکی کۆن ڕەفز بکەین، ئەوە ناکرێتو ڕاست دەرناچێت چونکە ئەگەر وابێت دەبێ هەر لەئەستێرەو مانگو زەویو ئاسمانو نیشتیمانمان... هتد.. دەبێ هەمووی ڕەفزبکەین. چونکە دابەزینی قورئان بۆخۆی موراجەعەی ئەودابو نەریتو کولتورانە بوو کە لەناو کۆمەڵگەداباوبوون، ئێمە دەبێ بێین وێکخستنێك بکەین لە نێوان کۆنو نوێدا..پێغەمبەر(ص) دەفەرموێ"حیکمەت لەهەرشوێنێك بوو کەمسوڵمان دۆزییەوە حەقی خۆیەتی سودی لێببینێت".بۆیە دەبێت لەئەزموونی ڕابوردوو کەڵك وەربگرین.

زنار: عومەر یوسفی ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەژمارەی ڕابووردوی زناردا، دەڵێ" عەقڵی سەلیم لەسەرکردایەتی بزوتنەوەدا حوکمی نەکرد، لەلایەکی تر بەرپرسو سەرکردەکانی هەرلەکۆنەوەی بزوتنەوەکەی کە ئێوەش ئەوسا بەشێك بوون لەوسەرکردایەتیە قاڵبوو نەبوونو پێشی وایە مسوڵمانان ئاینەدەیان نییەو ئەوانەش کەلێرەوە بۆ حیزب ألله ئاهەنگیان دەگێڕا بەخەڵەفاو دەزانێت سەرنجتان لەوبارەوە؟..

سینەمۆکی: بابەتەکەی کاك عومەر یوسفیم نەخوێندۆتەوە، بەڵام هەهووکەسێك ئازادە تێڕوانینەکانی خۆی چۆن دەردەبڕێت، دیارە هەمووکەسێك هەڵەی هەیەو ئەگەر ئێمە پێمان وابێت لەسەرکردایەتی کورددا عەقڵی سەلیم وجودی نەبووە، ئەوە شتیوا ڕاست دەرناچێتو ناکرێ ئینسان هەربەردەمی خۆی ببینێتو ناشکرێ خۆت لەواقعێکدانەبیتو بێیت زەربی واقعەکە بکەیت.. بێگومان دووژمنانی ئێمە، ناحەزانی میللەتی کورد ڕۆڵێکی باڵایان بووە لەهەرکێشەو ناکۆکییەك کەلەناو میللەتی ئێمەدا ڕوویانداوە، بزوتنەوەی ئیسلامیش بەدەر نییە لەوحەقیقەتە..

زنار: مسوڵمانو ئەحزابی ئیسلامی بەگشی نەیانتوانیوە لەئینتیمای هاوبەشو برایەتی نێوان خۆیان تێبگەن، ئەم لێکتێنەگەیشتنەش، زۆرێک لەوباوەڕەدان سەرێشەی کۆمەڵایەتیو ئاینیو سیاسیو یاسایشی خستۆتەوە لەنێو مرۆڤایەتیو لە کوردەواری بەتایبەتی..ئێوە ئەم تێڕوانینە چۆن لێکدەدەنەوە؟..

سینەمۆکی: لەناو ئێمەی ئیسلامیەکان ئینحیرافات بووە بەگشتی، دەشبێت، بەڵام ئیسلامیەکان لەسەر چوار بناغەی سەرەکی کۆکن، لەوانە ( مەسەلەی عەقیدە، مەسەلەی عیبادەت، مەسەلەی ئەخلاقی ) لەو سێ بناغە سەرەکیەدا هەموو

ئیسلامیەکان یەك دەنگو یەك هەڵوێستن‌و ئەوەی کە ناوچەی لێکتێنەگەیشتنە ئەو بوارانەن کە وەسائیل‌و ئالیاتن، خوای گەورە دەفەرموێ"أدعوالی سبیل ربك بالحکمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن"واتە بانگکردنی خەڵك بۆ ئیسلام بەحیکمەت، جیاوازیەکە تەنها لەئالیەت‌و وەسائیلدایە، ئەوەش نیشانەی فراوانی ئیسلام پیشاندەدات..

زنار: تیرۆریش ئەمڕۆ کەبەداخەوە کە لەژێرپەردەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەنجامدەدرێت، ئایا ئەویش وەسائیل یان وەک ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێدا ئالیەتێکە وەک هەریەکێک لەو ئالیەتانە؟..

سینەمۆکی: بۆئەوەی لەبابەتێك تێبگەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قورئان‌و ئەو وەك تاکەسەرچاوە بۆ ڕێگەپێدان‌و نەدانی هەرکارێکمان پشت پێببەستین، دەبێ بزانین ئەوبابەتە لەقورئاندا چۆن باسکراوە، دوای ئەوە دەبێ بزانین لەسوننەتەکانی پێغەمبەر(ص)دا چ باسکراوە، پاش ئەوە دەبێ تێگەیشتن‌و خوێندنەوەکانی جیلی دوای پێغەمبەر ( ص) بزانین، دیارە ئینحیراف لەتێپەڕاندن‌و کەمتەرخەمی نواندن دروست دەبێت، هەن پێیان وایە ئیسلامەتی هەرئەوەیە ڕیشی هەبێت، تادەگاتە ئەوڕادەیەی هەرکەسێ ڕیشی نەبوو بەکافری بزانێ، بەڵام لەحەقیقەتدا وانییە، ڕیش دروشمێکی ئیسلامە، بەڵام هەمووئیسلام نییە، ئەگەر ڕیش‌و ئیش لەئیسلامدا تێکبگیرێن، ئەوا ئیشەکە لەپێشترەو ڕیش هەرکاتێك بتەوێ دەتوانرێ بهێڵدرێتەوە، بەڵام ئیشەکە لەدەست دەچێت، لەبەر ئەوە ئەو ئینحرافاتانەی بەتایبەتیش لەبواری فکری دروست دەبن زۆرجاران سوڵتە خۆی سەببە هەروەك جەماعەی هیجرەو تەکفیر لەمیسر، ناکرێ لەو هۆکارانە تێنەگەین‌و توێژینەوەیان لەسەر نەکەین، هۆکاری ترلاوازی ئەو مسوڵمانە خۆیەتی، کاتێك بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەی موشکیلەو گرفتەکان ناگرێت‌و پەنادەباتە بەر کارێکی نامەشروع، ئەگینا نە لەقورئان‌و نەلەسوننە دەلیلێك نییە، لەپێناو کوشتنی تاوانبارێکدا ژن‌و منداڵ‌و خەڵکی بێتاوان بکوژی، بەپێچەوانەوە کوشتنی خەڵکی بێتاوان خزمەتە بەکوفر بەجولەکەو بەغەیری مسوڵمانان، شێوازێکە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام، بێگومان ئەم سەردەمە سەردەمی موخابەراتە، ئاسان دەتوانن خەڵکی خۆیان بخزێننە ناو کۆمەڵێك چەکدار، چونکە دروشمەکان ئاسانن، سمێڵی کورت بکاو ڕیشی درێژبکاتەوەو کۆمەڵێ ئایەت‌و حەدیس لەبەربکات‌و لەوسەریش ئەو سەحوە ئیسلامیە ناشیرین بکات کە لەئارادایە..

زنار: عومەر یوسفی ماموستا عەلی باپیرخەریکی سازماندنی کۆمەڵێک عەقڵی قورمیشکراو بو ئیوەش واتە کۆمەڵی ئیسلامی وەک هەسارەیەکی بچوک لەکۆمەڵەی خۆر باسدەکات، کەمەبەستی بزوتنەوەکەی خۆیەتی، پێشی وایە ئێوە خاوەن ئایدیایێک نین‌و لەناو ئێوەشدا نەهزەکان نەهجێکی تریان هەیەو بەپێی تێپەر بوونی زەمەنیش وەک خۆی دەڵێ شتی سەیرتان لێ ئاشکرا دەبێت، نمونەش بەتەحەددای پێشەکی‌و پینەو پەڕۆی پاشەکی دیکۆمێنتە لەعنەتیەکان وەک ئاماژەی پێداوە دێنێتەوە لەسەر کۆمەڵ‌و پەیوەندی بەرژێمەوە..

سینەمۆکی: دیارە کاك عومەریوسفی خۆشنوسە، نەك کەسێکی سیاسی، ئەوسەردەمەش بەسەرچووە خۆت کۆت‌و زنجیربکەیت لەبەردەستی کەسێکدا، ئیسلامیەکانیش وەك بەشێك لە کوردەواری جۆرێك لەعەقڵیەتی داخراوییان هەیە، کاتێك کەکۆنگرەیەك دەبەسترێت، هەڵبژاردنێك ئەنجامدەدرێت، جۆرێك لەو عەقڵیەتانە بەدیدەکرێت کەجگە لەخۆیان قبوڵیان نییە کەسێکی تر دەربچێت، کۆمەڵی ئیسلامی دەرئەنجامی کۆنگرەیەکی لەوچەشنەیە، ٢٦ ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆنگرە دوای ووردبوونەوەیەکی زۆر سەرئەنجام ناوی بزوتنەوەی یەکبوونیان گۆڕی بەکۆمەڵی ئیسلامی‌و کۆمەڵی ئیسلامییان ڕاگەیاند، لە ٨٥-٩٠ ٪ ئەندام‌و لایەنگرانی بزوتنەوەی یەکبوون، هاتنە گەڵ کۆمەڵی ئیسلامی، هەڵبژاردنی ڕابوردوش بەڵگەیە کەجەماوەر جەماوەری کۆمەڵی ئیسلامییە، بریندارکردنی کەسانی تر نیشانەی دۆڕانە، ئەگەر کەسێك دۆڕاونەبێت ئەوە فەرموو وەك دەڵێن مەیدان مشکلن نەیان کێلاوەو ئێمە تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش بەهەموو ئیسلام نازانین‌و بەڵکو بەکۆمەڵێك خەڵکی مسوڵمان لەبازنەی ئیسلام بەگشتیدا دەزانین.

زنار: دەربارەی پەیوەندیەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان، بەتایبەتیش لەگەڵ ئێران، دەمانەوێت بزانین لەچ ئاستێکدایە، ئایا ئەم هاتوو چوونە بۆ ئێران جۆرێک لەخەرقی بریاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان‌و پێشێل کردنی سیادەی ئەو حکومەت نییە کە خۆشتان تیایدا کاربەدەستن؟..

سینەمۆکی: پەیوەندیەکانی کۆمەڵ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا، وەك پەیوەندیەکانی سەرجەم لایەنە سیاسیە کوردستانی‌و عیراقیەکانی تر وایە، هەموومان لەسەردەمە جیاوازەکاندا عیلاقات‌و پەیوەندیمان لەگەڵ ئێراندا هەبووەو هەیەو ئێرانیش یارمەتی‌و کۆمەکی هەموومانی کردوە، لەوانەیە هاوکاری کۆمەڵی ئیسلامی لەهەموو لایەنەکانی تر کەمتر بووبێت بە ئێستاشەوە، دیارە قونسوڵیەکانی ئێران تائێستاش لەسەربنەمای پەیوەندی لەگەڵ ئەحزابدا کاردەکات هەتا ئەگەر بەرگەیەك دەکات ڕێژە زۆرەکە بۆ پارتی‌و بۆ یەکێتیەو ئێمە لەوەشیاندا کەمترین ڕێژەمان بەرکەوتووە، ئەوە مامەڵەی ئێرانە وایکردوە نەك ئێمەو لایەنەسیاسیەکانی تر، هەموولایەنە کوردستانی‌و عیراقیەکانیش وەك ئێمە نوسینگەو مەکتەبی پەیوەندییەکانیان لە ئێران هەیەو ئەم دواییەش کاك نێچیرڤان سەرۆکی حکومەتی هەرێم هەموانی بەسەرکردنەوەو دیارییەکیشی بۆ هەر لایەك پێشکەش کردبوو، ئەوە مانای ئەوەیە حالەتەکە ئاساییە، هەرکاتێکیش حکومەت بڕیاریدا دەبێت پەیوەندیەکان لەڕێگەی حکومەتەوەبن، ئێمەش وەك حیزبەکانی دیکە..

زنار: پەیوەندیەکانتان لەگەڵ پەکەکە، چۆنەو لەچ ئاستێکدایە، ئایا بەجیاوازی ئایدیای نێوانتان چ مەسەلەیەکی بابەتی لەپشت ئەو پەیوەندیانەوە هەیە، پرۆتۆکۆلێکتان لەگەڵیان مۆرو ئیمزاکردوە؟...

سینەمۆکی: لەمێژووی ئێمەدا، گرفت‌و شەڕوو ڕووبەڕوو بوونەوەیەکمان لەگەڵ پەکەکەدا نەبووەو نەکردووەو ئامادەش نەبووین بیکەین، لەگەڵ هەبوونی سەرنج‌و تێبینیمان لەسەر ئەفکارو بۆچوونیان لەسەر ئیسلام، چونکە کوردی تورکیان، ئێمە بەمەزڵومیان دەزانین، پەیوەندیەکانیشمان لەئاستێکی ئاسایدایەو هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکمان لەنێواندانییە.

زنار: پەیوەندی لەسەر هاوسۆزی

**هەن پێیان وایە ئیسلامەتی هەرئەوەیە ڕیشی هەبێت، تادەگاتە ئەوڕاددەیەی هەرکەسێ ڕیشی نەبوو بەکافری بزانێ**

كوردبوون؟..

سینەمۆكی: بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

زنار: كۆمەڵی ئیسلامیو پرسی نەتەوەیی......؟

سینەمۆكی: دینداریو ئیسلامەتی ئەگەر خاك نەبێتو خەڵكت نەبێت، جێبەجێناكرێت، ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە لەسەر بەحر دابەزێ، ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە لەسەر خاكێكو لەناو خەڵكێكدا جێبەجێبكرێت، خزمەتی میللەتی خۆمان بەعیبادەت دەزانین.

زنار: لەكوردستان، چەوسانەوەی ئافرەت بوونی هەیە؟!..

سینەمۆكی: بەڵێ بەدڵنیایی هەیە.. هۆكارەكەش پەیوەندی بەخراپ پەروەردەكردنەوە هەیە، پەیوەندی بەدابو نەریتو كولتورەوە هەیە..

زنار: لەگەڵ ڕیفۆڕمی كۆمەڵایەتیو كولتوری دان؟..

سینەمۆكی: بەڵێ..ناكرێ ببینە جێگەی سەرنجی خەڵكی تر..

زنار: دەكرێ مامەڵەی ئێوە لەماڵەوە، لەگەڵ هاوسەرەكەتان بزانینو بپرسین؟..

سینەمۆكی: بەڵێ، لەزۆر شتدا مەشۆرەتی پێدەكەم، وەك دوو هاوڕێ مامەڵە دەكەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش حاڵییە كەئاخر بڕیار لەدەست پیاودایە، بەڵام زۆر جاریش بووە ڕای ئەوم پەسند كردووە.

زنار: باوەڕتان بە پەڕینەوەی ئافرەت لەجیهانی خۆیەوە بۆ جیهانی پیاو هەیە؟..

سینەمۆكی: دیارە دەبێت پیاو وەك پیاو ئافرەتیش وەك ئافرەت هەڵسوكەوتبكات، پێكهاتەی لاشەی ئافرەت پێچەوانەی پیاوە، توێژینەوەیەكی زانستی ٢٤٠٠ جیاوازی نێوان ئافرەتو پیاوی ساغكردۆتەوە..خوای گەورە ئافرەتی بۆ كۆمەڵێ كاری زەرور دروست كردوە، نابێ كارەكانی خۆی فەرامۆشبكاتو بێ كاری پیاو بكات، هەروەك چۆن پیاویش بۆی نییە بڕوا كاری ئافرەت بكات، بەڵام بەو مەرجەی لەمەسایلی شەرع دەرنەچێت ئافرەت بۆی هەیە هەڵسوكەوتبكات، بۆی هەیە لەبواری زانستی پێشكەوێت، لەكاری سیاسی لەكاری كارگێڕیو ئیداریدا بەشداری بكات.

زنار: خۆشەویستی نێوان ئافرەتو پیاو، چۆن لێكدەدەنەوە؟..

سینەمۆكی: پێویستە لەسەر بناغەیەكی ڕەسەن بێت، نەك وەك ئەوەی ئەمڕۆ باوە لەنێو گەنجو هەرزەكاراندا..دەبێت پیاوەكە ئافرەتەكە ببینێتو كچەكەش بەهەمان شێوە، ئەمەش سوننەتە لەئیسلامدا..

زنار: پیاوان بەو پێیەی قورئان ڕێگەی پێداون چوار ژنبهێنن، بەڵام مەرجی لەگەڵ داهاتووە، پێتان وانییە ئەم مەرجە بۆ خۆی لەخۆیدا ڕێگە لەفرەژنی دەگرێت؟..

سینەمۆكی: بەرلەهاتنی ئیسلام فرەژنی

## عومەر یوسفی خۆشنوسە، نەك كەسێكی سیاسی



بەشێوەی ڕەها هەبوو، هەبوو پەنجاو هەبوو هەژدەو هەبوو دەو هەبوو بیست...هتد..ژنی هەبوون، بەڵام ئیسلام هاتوو تەحدیدی حەدی ئەعلای كرد، واتە پیاو نابێت لەچواردانە زیاتر بخوازێت، بێگومان هەمیشە ڕێژەی كچانیش زیاتر بووە لەپیاو، ئەمەش وەك جۆرێك چارەسەرهاتۆتە ئاراوە، بەڵام بەو مەرجەی پیاوەكە مەترسی ئەوەی نەبێت زوڵمبكات.دەبێ عەدالەت بكات، بەڵام عەدالەتی زاهر لەجێگەدا، لەجلو بەرگدا، لەخواردنو خواردنەوەدا، ئەگینا عەدالەتی دڵی تەنها بەخوادەكرێت، خواش دەفەرمووێ" ئێوە ناتوانن عەدلی قەلبیتان هەبێت"تۆ ناتوانی مناڵەكانیشت وەك یەك خۆشبوێت.

زنار: حیزبەسیاسیەكان لە پروپاگەندەی هەڵبژاردندا بەڵێن زۆر دەدەن......؟.

سینەمۆكی: شتی زۆر نارێكو نابەجێ دەگوترێت، لەمەیدانی واقعیشدا هیچی نابینرێت.

زنار: لەهەڵبژاردنەكانی ڕابووردوودا، گووتوتە دەنگدان بەلیستی ٧٣٠ دەنگدانە بەپەیامەكانی ئیسلام؟..

سینەمۆكی: نەخێر، من شتیوام نەگووتووە، شتێكم نەگووتووە لێی پەشیمان بم..

زنار: ئەگەر هەڵەم نەكردبێت، منداڵێكتان هەیە ناوی ئاسیایە، بۆ ناوی كوردستان نەبوو؟..

سینەمۆكی: ڕاستە منداڵێكم ناوی ئاسایە، لەو ڕوانگەیەوە ناوم ناوە، كەكاتی خۆی ئاسیا خێزانی فیرعەون بووەو لەقورئانیشدا باسكراوە، لەكاتێكدا كە ئافرەتان شەیدای كۆشكو تەلارو ناوماڵی خۆشن، بەڵام ئاسیای خێزانی فیرعەون لەپێناو عەقیدەدا دەستبەرداری هەموو ئەوشتانە بووە، هۆكارێكی جوگرافی لەپشتەوە نییە..

زنار: باوەڕتان بە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی هەیە؟..

سینەمۆكی: بەڵێ باوەڕمان پێیەتی، چۆن غەیری كورد حەقی خۆیانە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، بۆ ئێمەش ئەوە ڕاستە. كاتی خۆی كە مسوڵمانان دەسەڵاتیان هەبووە كورد ویلایەتی خۆی هەبووە كە دەسەڵاتی لەكۆنفیدراڵیش زیاترە.

زنار: مارش و ئاڵای ئەو دەوڵەتە چ بێت؟..

سینەمۆكی: دەبێ ئاڵای سەربەخۆی خۆی هەبێت، تەعبیر لەڕابوردوو پێكهاتەكانی بكات..

زنار: بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ مامۆستا علی باپیر بۆ مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب هەڵناستێت لە یادو بۆنە ڕسمیەكاندا؟..

سینەمۆكی: هەڵنەستانی مامۆستا مەسەلەیەكی زانستیو شەرعییە، نەك سیاسی.. ئەوسرودە كۆمەڵێ هەڵەی نەتەوەیی تیادایەو ئێمە دەكات بەنەوەی فارس، لەهەمانكاتدا نیشتیمان دینو ئاین نییە، نیشتیمان بۆ ئەوەیە ئاینی لەسەر جێبەجێبكرێت..

زنار: وەك لەڕابووردووشدا هەڵڵایەك كرا بۆ گۆڕینی ئەو مارشە، ئێوە تاچەند لەگەڵ گۆڕینیدان؟..

سینەمۆكی: لەگەڵ ئەوەداین ئیعلامێكی ڕەسمی بۆ بكرێتو داوابكرێت شتێكی تر بنوسرێتو لیژنەیەك بڕیاری لەسەر بدات، دەشكرێ ئەو سرودە دەستكاریو چاكسازی تیادابكرێت..

زنار: ئەگەر كورد بوو بەدەوڵەت، دانانی ئاڵایەكەیان بە كۆمەڵی ئیسلامی سپارد، چ ئاڵایەكمان بۆ دروست دەكەن، چی لێزیادو كەم دەكەن؟..

سینەمۆكی: ( بە زەردەخەنەیەكەوە) بۆی هەیە ئەو ئاڵایە دابنێینەوە، چونكە دەبێت شانازی بەسەروەریەكانی ڕابوردووەوە بكەین.

# دیاردەی کوشتنی رەگەزی مێ لەنێوان مێژوو ئاینەکانو مرۆڤو کولتوردا



لەو رۆژەوە مرۆڤ بۆتە هاورێی زەویو یەکتریان خۆشویستووە، نە زەوی بێ مرۆڤ گرنگی هەیە، نەمرۆڤیش بێ زەوی. مرۆڤ بە هەردوو رەگەزەکەیەوە هاوکێشەیەکی لێکدانەبڕاونو یەکتر تەواودەکەن. بەپێی زۆری تەمەنی مێژوو مرۆڤ پەیوەندی نێوان نێرو مێ لەسەر زەوی دەیان گۆڕانی بەخۆوە بینیوە هەرجارێك رەگەزێك بۆتە پاسەوانی دەسەڵات. لەیەکەم دەسپێکی دەسەڵاتی سەر زەوی، دەسەلات مێینە بووە کە لە رەهەندێکی راستگۆییو بەوپەڕی میهرەبانیەوە پیادەی دەسەڵاتی کردووەو بێ ئەوەی مرۆڤی دیکە بچەوسێنێتەوە. واتا دروشمی دەسەڵاتی مێینەکان دوور لە ژیانێکی بێچەوسانەوە بووە، بۆیە ئاڕاستەی دەسەڵاتی مێینە بە شێوازێك هەنگاوی ناوە کە دوربوە لە نامۆکردنی نێرەکان بەڵام بە پێچەوانەی دەسەڵاتی مێینە دەسەڵاتی نێرسالاری لەو رۆژەوەی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست. چەوسانەوەو کوشتنو زیندە بەچاڵکردن لە دایك بووەو بۆتە نەریتێکی ئاسایی بەردەوام لەگەڵ گەشەکردنی قۆناغەکانی ژیاندا شێوەو فۆڕمی نوێ لە توندوتیژی بەخۆیەوە بینیوەو رەگەزی مێی تێدا سڕاوەتەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتی نێر بەردەوام لەسەر ئەم فۆرمە کاری کردووەو بەڵام ژیانی مرۆڤ بە هەردوو رەگەزەیەکەیەوە جوانو گرنگە. بەدابڕانی هەریەکێکیان ژیانی ئەوی دیکە دەکەوێتە مەترسیەوە ژیانێکی نائاساییەوە. بەڵام بەدرێژایی مێژووی نێرسالاری ئەم لۆژیکە لای رەگەزی نێر بە ئاسایی پراکتیزە نەکراوەو پێچەوانەی راستیو سایکۆلۆژی مرۆڤ ململانێی لەگەڵ رەگەزی مێدا کردوە، بۆیە بەردەوام مێژوو توندوتیژی بەرهەم هێناوە. رەگەزی مێی کردۆتە جەستەیەکی کۆیلەکراو، دروستکردنی دیوارێك لە نێوان ێرو مێدا، هەنگاو بە هەنگاو ئەم دیوارە گوازراوەتەوە بۆناو کولتوورو دەقە ئاینیەکانو دواتر لەیاسا ئەرزیەکانیشدا رەنگی داوەتەوە. ئەمەش بەپێی باڵاکردنی مێژووی مرۆڤ بۆتە نەریتێك نەوە بۆ نەوە بۆ رەگەزی نێر گوازراوەتەوە بۆیە ئەمرۆ دەبینین مێ کوشتن بۆتە دیاردەیەکی بەرچاوو تەواوی کوردستانی گرتۆتەوە، رۆژانە بەدەیان هەوڵی کوشتنی مێ دەبیستین کە هیچ بنەمایەکی یاسایی ژیان قبوڵی ناکات بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرەی مێینە کوشتنو هۆکارو دەرەنجامەکانی کۆمەڵێك رۆشنبیرو نوسەر بەشداری ئەم دۆسیەمان دەکەن.



## پۆزش

لەژمارەی رابردووی دۆسیەی گۆڤارکەماندا کە تایبەت بوو بە ئیسلامی سیاسی بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی بابەتی پارێزەر﴿سالح مەلا﴾ لە گەڵ بابەتەکەی بەڕێز ﴿مامۆستا عەزیز﴾ تێکەڵاوببو بابەتی کاك سالح مەلا بەناوی مامۆستاوە دابەزیبوو بەپێچەوانەشەوە بابەتی مامۆستا بەناوی کاك سالح دابەزیبوو، بۆیە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی خۆشەویستو هەردوو رێزدار دەکەین

## روناك فەرەج :

# ژن بوون مانایەکی نیە بۆیەش بریاردان لەنەمانیان ئاسانە!



هەرقسەکردنێك لەم بابەتە بەدووبارەی بۆچونەکانمی دەزانم لەوروانگەیەی کە لەدوایی راپەرینی ١٩٩١لەدیارترین چالاکیە رۆشنبیریو راگەیاندنەکانم سەبارەت بەکوشتنی ژنان بوە، لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی تایبەتم هەیە بەلاّم ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە لەگۆڤارەکەتانەوە ناچاری کردم کە بەبێ ویستی خۆم لەئاست مەسەلەیەکی واهەستیاردا بەراگوزەرێك بوەستم، کە بەدووبارەی بابەتیەکانی دی دەزانم..کوشتن بەگشتی کردەی تاوانە، بەرامبەر مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، بەلاّم ئەم کردەیە لەپرۆسەیەکی مێژوویی درێژ خایەندا لەهەندێك لەکۆمەڵەکاندا گریمانی رەوایەتیو نارەوایەتی بۆدانرا، رەوایەتی پێدانیشی بۆمێینەکان بوو، بەپێی چەند مەرجێك کەدەستەی بالاّیی نێرینەکان لەسەری رێکەوتون، ئەم رەوایەتیەش (شەرعیەت) پێدانەش بەکوشتنی ژنان هەروا بە سادەیی نەهاتوە، بەڵکو بەپرۆسەیەکی سیاسی ئابوری کۆمەلاّیەتی دا تێپەریوە، لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا هەرقۆناغێكو بەپشت بەستن بەو دیدە بالاّیەی کەدیدی کۆمەڵێکی بالاّدەستی بەرژەوەندی خواز بوون، رەوایەتی (شەرعیەت)ی وەرگرتوە، هەرئەم دیدە کە بوە دەستوری نەنوسراو پاشان بوە مەرجەعی سەرەکی یاسا ئاسمانیەکانو پاشان یاسا مەدەنیەکان، کەلەکۆیی ئەم یاسایانەدا ژن بوون مانایەکی نەبوە، ژن وەك بونەوەرێکی بێ هێزی نیوئاوەز(ناقس عەقڵ) پێناسە کراوە، ئەم پێناسەیە بۆژن قۆناغ دوایی قۆناغ شکڵو شێوەی نوێی وەرگرتوە بە پارێزگاری لەجەوهەری خۆیی، ،بەپێی سەرچاوە مێژویی یەکانو لێکۆڵینەوە دەرونناسیو کۆمەڵناسیەکان، مێینە سەرەتا جێگەی رامانی نێرینەکان بوە، لە سوری مانگانەو منداڵبونو تابەغەریزەی سۆزی دەگات، کەغەریزەیەکی سروشتیەو پیاو ئالودەی ژن دەکات، لەپشت ئەم رامانەی نێرینەکانەوە بەمێینەکان، فەلسەفەی دەرك کردنی نهێنیەکانی ژن بۆپیاو ئاشکرابوو، هاوکات پیاوان هەولّیان دا بگەنە دونیایی ژنانو داگیریان کەن، بەداگیرکردنیان دەبنە خاوەنی بەرەیی مرۆڤایەتیو گەیشتن بە موڵکایەتی تایبەت، ئەمەش لەرێگەی دۆزینەوەی ئەو خاڵەی کەژن دەکاتە کۆیلەی پیاوان، خەونی پیاوان بۆ هێنانەدی خواستەکانیان لەموڵکایەتی لەگەڵ دۆزینەوەی کشتوکاڵ دەستی پێکرد، پیاو بوە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانو لێرەوە هەنگاوی گەیشتن بەتەواوی حەزەکان دەستی پێکرد، کەموڵکایەتی منداڵەکان، حەزی موڵکایەتی نەوەکان، موڵکایەتی دایکەکانی هێناو بۆگەیشتن بەم ئامانجانە، کۆمەڵێك قەیدوبەند هاتە بوون، کەئەم قەیدوو بەندانە بە تێپەرینی کات مەسەلەی ژنی وەك ناقس کردە قەناعەتێك لای خودی ژنەکان، بۆئەمەش ئیش لەسەر دوو لایەنی گرنگی ژنان کرا لاوازکردنی عەقڵ، چەپاندنی غەریزەی سێکسی، لەرێگەی بونی پەردەی کچێنی، کەبوونی ئەم پەردەیە پیاودڵنیا دەکات خۆیی یەکەم کەسە لەژیانی ژنەکەی، بەمەش سێکس چوە چوارچێوەی تابۆوەو، بەزاندنی ئەم تابۆیە وەك تاوانێکی گەورە بۆژن سەیر دەکرا، ژن کرایە شەرەف، شەرەف بوە یەکێك لەپایەگرنگەکان، بۆپاراستنی ئەم پایەیەش یەکێك لەئالیاتە توندەکان کەدانرا بۆسزادانی مێینەی یاخی، لەپێوەرە دانراوەکان کوشتن بوو، هەموو ئەمانە بەپێی دەستورێکی زارەکی پیادەدەکرا کە بە پێی تێپەرینی رۆژەکان ئەم دەستورە جێگەی خۆیی کردوەوەو پاشان بوە سەرچاوەی دەستوری ئاسمانیو دەستوری مەدەنی زۆر لەولاّتەکان. پێوەرەکانی موڵکایەتی ژنان لەکۆمەڵگایەکەوە بۆکۆمەڵێکی دی جیاوازە، بەلاّم هەموو کۆمەڵگاکان لەیەکێك لەهۆکاری سەرهەڵدانی موڵکایەتیدا یەك دەگرنەوە ئەویش، نەبونی متمانە لەنێوان هەردوو رەگەز ئەم گومانە لەیەکدی تائەمرۆش بونی هەیەو گەر تێبینی ژیانی زۆر لەبیرمەندەکان بکەین زۆربەیان گومانیان لەمێینە هەیەو وەك یەکسان بەخۆیان دایی نانێت، دیارە مەسەلەی گومانی نێوان ژنو پیاو، لەسەرەتاوە زۆر ئاستەنگی لەبەردەم خود بونو ئازادی بونی ژندا دروستکرد، بەنمونە پەردەی کچێنی یەکێکە لەو داهێنراوانەی بیری پیاوسالاری دیارە لە زۆر لەکۆمەڵەکان لەمەسەلەی پەردەی کچێنی گەر بەو سەختیەی هەندێك کۆمەڵگاش نەبێت بەلاّم ئاستەنگە بۆئازادی ژنان. هەر لادانێك لەپێوەرە دیاری کراوەکان سزایی خۆیی هەیە لەزۆر لەکۆمەڵە رۆژهەلاّتیەکان بەگشتیو کوردستانیش ئالیاتەکانی سزادانی ژنان کوشتنە، گۆرینی ئەم دیدە لەسەر ژنان وەك شەرەفو موڵك ئەم وێنایەی ژن پەیوەستە بەگۆرینی دیدی کۆمەڵ بۆمێینە، فاکتەری سەرەکیو یاریدە دەری، گۆرینی دیدی کۆمەڵ، بۆژنان، پەیوەستە بەهێزبونی ژێرخانی کۆمەڵە کەئابوریە ئابوری بەهێزیش زەمینەی گۆرانی سەرخان خۆش دەکات، کەگۆرینی کولتورە لە ئەوروپاو رۆژئاوادا شۆرشی پیشەسازی گەورەترین تەکانی بەکۆمەڵ داو گۆرانی گرنگی هێنا کە ژنانیش پشکی ئەم گۆرانکاریەیان بەرکەوتو بەلاّم کۆمەڵی رۆژهەلاّتی کەزۆرترین توندووتیژی تیایە، تائەمرۆ شورشێکی پیشەسازی ئەوتۆیی تێدا رونەداوە تاکاریگەری بۆ گۆرینی دیدی کۆمەڵ هەبێت لەسەر مێینە هەربۆیەش تائەمرۆ مێینە بونەوەرێکی ناقسو عەقڵودینەو بنەماڵە بەپرسە لێی، سالاّنە بەتاوانی پاراستنی شەرەف چەندین ژن دەکوژرێن.

**بێخاڵ حەسەن:**

# کوشتن، لوتکەی دیاردەی توندوتیژییە

هەرچەندە توندوتیژی دیاردەیەکی نوێ نیە و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوامی هەبووە،بە چاو گێڕانێکی خێرا یان بۆ ساتێك تێڕامان ، پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە هاوڕێك لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەوڕەوەی شارستانێتی مرۆڤ و بوونی چەندین ڕێکەوتننامە و جاڕی گەردوونی مافەکان، دێنێتە بیرو ئەندێشەوە .

کوشتن، لوتکەی دیاردەی توندوتیژییە کە چەندین شێوازو ڕەفتاری دزێوی لە هەناویدا هەڵگرتووە و بەمەبەستی پێمل و ملکەچکردنی تاکێك یان کۆمەڵێك بەشێوەیەکی دوژمنکارانە، ئەنجام دەدرێت .ئەنجامدانی توندوتیژیش، خۆی لە خۆیدا بەڵگەی نەمانی لێك تێگەیشتن و لاڵ بونی زمانی دیالۆگ و ئامادەنەبونی هۆش و هەستی مرۆڤانە و لە دەستدانی کەسێتی مرۆیی مرۆڤە . (ژن کوشتن )یش لە لوتکەی هەرەمی توندوتیژی دایە کەلە چەندین هۆکارەوە سەرچاوەی گرتوە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان بدەین، لەوانە :-

١- نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە قوربانیەکەی، تێدا دەژی، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چەندین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی لە ناوەوەو دەرەوەی خێزاندا .

٢- تێڕوانینی هەڵە بۆ ڕۆڵ و پێگەی خودی ژن، کە وەك قەوارەو مرۆڤێك و کەسێتیەکی سەربەخۆ، سەیرناکرێت بەڵکو پاشکۆیەك دادەنرێت کە (پیاو) لێپرسراوە لە هەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی،هەر چەندە بەپێی لۆژیك و ئاینیش هەرتاکێك لە هەڵس و کەوتی خۆی بەرپرسیارە ( کل نفس بما کسبت رهینە ).

٣- پۆشینی بەرگێکی پیرۆزی بەبەر تاوانی کوشتنی ئافرەتدا و بوونی باکگراوندێکی هەڵە لە نەستی هەندێ کەسدا کە کوشتن بەمەبەستی(پاراستنی شەرەف) و (غسل العار)، سەرچاوەکەی لە ئاینەوە هاتوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم بیرکردنەوەیە تاسەرئێسقان، هەڵەیەوە و ئەگەربەپێی ئاینی ئیسلام ڕەفتاربکرێت،پێویست دەسەڵاتی دادوەری کێشەو گرفتەکان، یەکلایی بکاتەوەو کەس بۆی نیە مافی ژیان لە ژێر هیچ پاساوێکدا لە هیچ کەسێك، زەوت بکات .



٤- نەبوونی سەروەری یاسا و نەگەیاندنی بکوژ و تاوانکاران بە سزای عادیلانەی خۆیان وزۆرجار کوشتنی ژن بەکێشەی ناوخۆیی خێزان، ئەژماردەکرێت و وەك پێویست لە بەڵگەی تاوان و ئەنجامدەرانی ناکۆڵرێتەوە .

٥- میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گەڵ بونی لایەنی پۆزەتیف لە کاریگەری نێگەتیفیش بەدور نین ، زۆرجار بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بانگەشە بۆ ڕێگاچارەی هەڵەی کێشەو گرفتەکان دەکرێت . وەك ڕەواجدان بەپەیوەندیەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان و وروژاندنی لایەنی سێکسی لاوان، کەڕێگە بۆ هەڵە و تاوان خۆش دەکەن و لە ئەنجامیدا بەوپەڕی توندو تیژی وەلأم دەدرێتەوەو باجی یەکەمیشی (ئافرەت) دەیدات لە کوشتن و شکستی دەرونی و شکاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی .

٦- لاوازی کەسێتیو ڕێزنەگرتن لە خودو بەفیڕۆدانی کات و تواناکان لە پەیوەندی نەشیاو، وەك هەڵە بەکارهێنانی داهێنراوە تەکنەلۆژیەکان لە موبایل ، ئینتەرنێت و ...هتد.

٧- نزمی باری ئابوری خێزان و دابین نەبوونی پێداویستیەکانی ژیان، بارێکی دەرونی نائارام بۆ ئەندامانی خێزان، دێنێتە کایەوە کەسەردەکێشێت بۆ ڕەفتاری توندوتیژی لە ناوەوەی و دەرەوەی خێزاندا .

٨- زاڵبوونی عەقڵیەت و ڕێسا خێڵەکی و عەشیرەتگەرییەکان بەسەر سەروەری یاسا و پەنا بردنە بەر میکانیزمە مرۆیی و شارستانیەکان لە کاتی یەکلایی کردنەوەی کێشەکاندا .

ئەمانە و چەندین هۆکاریتر سەرچاوەی کوشتنی ژنان و شێوازەکانی تیرۆر و توندوتیژین .

**هاوکار مەحمود:**

# من نازانم ئەم کۆمەڵگایە، لەکام سەرچاوەی ئیسلام وەری گرتووە، کە لەسەر ماچێك کوڕوکچێك بکوژێت

دیاردەی تیرۆرکردنی ئافرەتان، زەمنێکی دووروردرێژی هەیەو هەر یەك لە سەردەمە جیاجیاکانی مرۆڤایەتی، ئەم دیاردە قێزەونەی لەباوەش گرتووە. لەم ڕۆژهەڵاتەی ناوینی ئێمەشدا ئەم کارە ڕابردوویەکی مێژوویی بەخۆوە بینیوە. لە پێش هاتنی ئیسلام، نەك ئافرەت بەڵکو کچان بە کۆرپەلەیی زیندە بەچاڵ دەکران، بەڵام لەگەڵ هاتنی پەیامی ئیسلامدا، ئەمە قەدەغەکراو ڕوحێکی دیکە هاتەوە بەر ئەم ڕەگەزە. لە سەردەمی ئێستاشدا ئافرەتان بەبیانوی ناموٚ زیندە بەچاڵ دەکرێنو دەرونی درندەیی ڕەگەزی بەرامبەری بەسەردا دەسەپێو بەناوی ناموس پەرستی، ئەو ڕەوشەی بەسەردا ئەکتیف دەکرێ، ئەم بیانوش جارێك سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە سەر پاراستنی کەسێتی خێزانو جارێك بۆدین، هەریەکێکیش لەم حاڵەتانە، دوورن لە بنەمایەکی زانستی، بەڵکو زیاتر دەمارگیری کۆمەڵایەتینو تێنەگەیشتنە لە گرفتی ئافرەتان، کە ئایا ئەمە گرفتێکی دەروونییە لە نێوان هەردوو ڕەگەزو خێزاندا گەشەی کردووە، یان بوار نەڕەخساندنە بۆ کچێك لەهەڵبژاردنی بەرامبەرەکەی، یان لادانە لەحاڵەتی سروشتی سێکسی یا کۆمەڵگەو دەسەڵات تا چ رادەیەك هاوکارن بۆ ئەم کارە قێزەونە.. یاخود تێنەگەیشتنە لەدین.

کوشتنی ئافرەتان لەلایەن کەسێتی کوردیەوە، ئەو تەنگەژە رووحیو فیکریەیە کەتووشی بووەو لە ماهیەتی مرۆڤایەتی

تێناگـا، بۆیـە بـە جۆرەهـا شـێوە وێنـای دەکات.. ئەوەش سەرژەنشتی کۆمەڵگایـە بـۆ هەر تاکێك یان خێزانێـك کـە لـە ماهیەتـی مرۆڤبوون تێناگـات.. ئەگـەر نـا کـام رێساو یاسـاو شـەریعەتو دیـن، رێگـا بـە مرۆڤێـك دەدات، دەسـتبخاتە گیـانی مرۆڤێکـی بەرامبەری، ئەمـەش هـەر حاڵـەتی نـاموس کرینـەوە نییـە، بەقـەد ئـەوەی حاڵەتـی دەرونی جاهیلییە، کـە بـە پەیوەنـدی کوڕو کچێك دەزانێتو لەسـەر هیچێك دەیانخاتـە باری سڕینەوە.

مـن نـازانم ئـەم کۆمەڵگایـە، لـەکام سەرچاوەی ئیسلام وەری گرتووە، کە لەسەر ماچێك کوڕوکچێك بکوژێت، یان بە دەنگۆی هـەبوونی پەیوەنـدی دوو رەگـەزی جیـاواز ( نێـرو مـێ) دەبـێ بکـوژرێن، کـە هـەموو سەرچاوە فیقهیەکان ئاماژە بە بچوکی ئـەو لادانـە دەکـەنو زۆربەشـیان سوورن لەسـەر شـاردنەوەیو ئاشـکرانەکردنی. یـان کـام سەرچـاوەی شـەرعی بـە دەنگۆیـەك بـۆ پەیوەنـدی ژنو پیاوێـك دەکـوژرێن. هـەر لەسـەردەمی پێغەمبـەرەوە (د.خ) تـا ئێـستا هـەموو سەرچـاوە فیقهیـەکان، هانـی مرۆڤـەکان دەدەن بەشـاردنەوەی ئـەم حاڵەتـەو بـەڵکو پەشـیمان بوونـەوەی هـەر لایەنێکـە لـەو حاڵەتـە لـە کـاتی سـزادانیان ئـەوە شـەریعەتە کـە پێمـان دەڵـێ، هـەموو مەرجـەکانی ئاشـکرابوونی پەیوەندیـەکانو بەڵگـەکانی سـەلماندنی لـە تاوانـدا بـەدەرن (لـشروط لتعجیزیـة)نـەك یاسـا دەسـتکردەکانن کـە هـەر لـە قۆناغـی لێکۆڵینـەوەن شـارێکی گـەورە دەکەوێتـە لێدان بۆیو بۆیە باهیچ کەسـێك بەو شێوە ناشیرینە خۆی نەکاتـە نوێنـەری خـواو لـەکاتی نـەبوونی دەسـەڵاتی سیاسـی تەواوی شەرعدا یاساکان بە سـەقەتی بخاتـە چوارچێوەی جێبەجێ کردنەوە.

بەجێگەیانـدنی تـاوانێکی بـەم شـێوە کوێرانەیـە، جگـە لـە شـپرزەیی دەروونـی کۆمەڵگـەو کاریگـەری باکگراونـدی پەروەردەیـەکی سـەقەتو مانـەوەی حاڵەتێکی جاهیلیو سەقەتی یاسا هیچی تر نییـە. دەروونـی ئـەم کۆمەڵگایـە، پێمـان دەڵێت.. کە هەر لادانێکی بچوك یان گەورە، تـەنها بریتییـە لـە نەفەسـی کرینـەوەی ئـارەقی ناوچـاوانو زیندەبەچـاڵکردنی رووحێکەو هیچی ترنیە.

# لاویەتی قەیرانە یان توانایەکی شاردراوە؟!

هێرش محمود سەنگەسەری

هەرەتی لاوی هەرەتی ئومێدو ئارەزووە، وەرزی خواستەکانە کە لاو حەزەکانی تێدا بەرجەستە دەکات. زۆرجاران بەخواستە بەرزە فرەکانی دنیایەکی پڕلە خەونی سەوز دەخولقێنێ، بەڵام زۆرجارانیش بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەدا، پێش ئەوەی بە خواستو مەرامەکانی بگات، دەبێتە سووتەمەنی بارهێنانێکی سەقەتو حەزە بێ مرادەکانی ئاوێتەی گڵی گۆڕان دەبن. تێڕوانینی ئێمە لەلاوەکان ئەوەیە کە ئەوان خاوەن بەهرەیەکی شاراوەن نەك قەیران، کە هەمیشە چاوەڕوانی بەهرەمەندێك دەکەن وەك ژیلەمۆ فوی بەبەردا بکاتەوەو کۆمەڵگای لێ سودمەند بێ. هەندێك هۆکار هەیە کە ئەوە ئێمەین دەبینە مایەی بەهەند نەزانینو بایەخ پێنەدانی لاو، کە ئەمەش لەخۆیدا فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ کۆچی لاوەکان بەرەو هەندەران، هەندێك هۆکاریش هەیە کە پەیوەندیان بەخودی لاوەکەوە هەیە کە دەبێ رەچاوی بکات وەك:

-دەبێ لاو هەمیشە کارێك هەڵبژێرێ کە لەگەڵ سەلیقەو توانای خۆیدا بێتەوە، زۆرجاری واش رێدەکەوێت کەلاو دروست ئامانجەکەی پێکاوە، بەڵام لەلایەن کۆمەڵگەو خێزانەوە سەرکۆنە دەکرێو لەڕای خۆی پەشیمانی دەکەنەوە، سەرەنجام تەنها لاوەکە باجی ئەم پەشیمانیە دەدات، زۆر جاریش هەیە، لاوەکە دەکەوێتە هەڵەوە، بەڵام لەلایەن دەوروبەرەوە پشتگیری لێ دەکرێ، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوە کە لاوەکە لەو نێوەندەدا شتێك هەڵبژێرێ کەلەگەڵ حەزو سەلیقەیدا نایەتەوە بۆ نموونە: لەوڵاتی ئێمەدا ئەمڕۆ شەڕی ژیانو کۆکردنەوەی سامان لە ئارادایە، ئەوەش خوێندکارەکانی ئێمەی سەرگەرم کردووە، کە هەمیشە هەوڵ بدەن، بۆ ئەو زانکۆو بەشە سەربازیانەی کە پارەیەکی زۆر خراوەتە گەڕ بۆ وەرگرتنو سەرقاڵکردنی خوێندکاران کە لەوانەیە خوێندکارەکە هیچ سەروکارێکی لەگەڵ بەشی سەربازیو مەشقو راهێنانـدا نەبێ، بەڵام بیری پێکەوەنانی سامانو پێشبڕکێی ژیان وای لێکردبێ هەوڵی ئەو بەشە بدات، دەنا لەکاروانی تەلارسازیو ژیان بەجێ دەمێنێ، یا زۆرجاری واهەیە، لەوانەیە قەدبڕی لێ بداتو خوێندنەکەی بکاتە قوربانی سامانو لە بنکەیەکی پێشمەرگایەتی ناوی خۆی تۆمار بکات، چونکە پارەکەی لەهی مامۆستایەکیش زیاترە. من پێموایە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە سەقەتەی کە وەزارەتی پەروەردە پەیڕەوی دەکات، بۆیە گەر بیرێکی جددی لەو لایەنە نەکاتەوە ئەوا شۆڕشی سامانو پەرەسەندنی دراو سەردەکەوێو شۆڕشی زانستو زانیاریش بەچۆك دادێ، بۆیە جارێکی دیش هۆشیاری هۆشیاری دەدەم بەلاوەکان کە دەبێ، هەر ئەوە بکەن بەهاونشینی خۆیان کە تاواو لەگەڵ زەوقو سەلیقەیاندا دێتەوە.

دەڵێن قوتابیەك دەبێ نە دەخوێنێو نە دەشیهێشت قوتابیەکانی دی بخوێنن، هەمیشە هەراو هوریای وەگەڕ دەخستو بووە بەمایەی بێزاری مامۆستاو هاوڕێکانی، جارێکیان باوکی دەیباتەلای دەروونناسێكو دەروونناسەکە باسی ئەوەی بۆ دەکات کە تاسەر باوك لەسەر کوڕ نامێنێت، بۆیە گرفتەکانی ئەو ژیانە پێویستیان بەهەوڵو کۆششو متمانە بەخۆبوون هەیە. کاتێك دەروونناسەکە قسەی بۆ دەکات، دەبینێ وا بەدەم گوێگرتنەوە بەچیلکەیەك لەسەر زەوی وێنەی ماڵێ دەکێشێ، دەروونناسەکە هزری ئەو قوتابیەی وا لێکدایەوە کە توخمی ئەو بۆ وێنەکیشاون دروست بووە، نەك بۆ لێکدانەوەی هاوکێشە جەبریەکان، بۆیە بردیانە لای نیگارکێشێكو باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی لێ دەرچوو. لە ئەدیسۆنیان پرسی: بۆچی زۆربەی لاوەکان بەخواستو مەرامی خۆیان ناگەن؟ گوتی: چونکە رێگەی ژیانی خۆیان ناناسنو لەرێگەیەکی دیکەوە هەنگاو هەڵدێنن. ئارەزوە دەرونیەکانی مرۆڤ وەك موگناتیسە کە هاووێنەکانی خۆی رادەکێشێو لەناوەندێکدا بەناوی پارێزگە(حا فظـة ) کۆیان دەکاتەوە. ئەگەر ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێیو هەوڵی بۆ دەدەی هاوتەریب بێ لەگەڵ خواستەکانمان، ئەوا بە ئاسانی خۆی دەگەیەنێتە ئەو ناوەندەو دەمێنێتەوە، دەنا بەپێچەوانەوە هەرزوو لەسەر شاشەی زەینماندا رەش دەبێتەوە.

# گوندەکانی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی چۆڵبووندان



یوسف علی حمدامین

گومان لەوە دانیە کوردستان وولاّتێکی کشتوکالّیە، کشتوکاڵ بە دووەم بنەمادادەنرێت لەدووای نەوت کەبەشداری دەکات لە پێکهێنانی داهاتی نەتەوەیی خەڵکی عێراق بە کشتی، بگرە سەرچاوەی سەرەکی ژیانو گوزەرانی خەڵکی گوندنشینی کوردستان پێکدێنیٚو بەبنچینەی ژێرخانی ئابووری کوردستان دادەنریٚ. بەلاّم بەهۆی ئەو بارو دۆخە ناهەموارەی کە کوردستانی توشهاتوە، لەبیٚ پلانیو بیٚ بەرنامەیی دەزگاکانی حکومەت، بۆتە هۆی بەفیڕۆچونی ئەو هەموو داهاتەی نەتەوەکەمان. چونکە بە شێوازێکی زانستیو لەسەر بنەمای ئابووری ئەو هەموو بەرهەمەجۆراو جۆرانەی کوردستان وەك پێویست سودی لێوەرنەگێراوە. یەکێك لەو گرفتانەش نەبوونی شێوازیکی زانستیە لە چۆنیەتی خستنەبازاری بەرهەمە کشتوکالّیەکان کەبتوانیٚ پێویستی بازارەکانی ناوخۆ پڕبکاتەوەو خواستی بازارەکان لەبەرچاو گیرابا. بێگومان بەشێك لەم گرفتە لەسەر شانی وەزارەتی کشتوکاڵو حکومەتی هەرێمی کوردستانە. کەنەیتوانیوە کاری جددی بۆ بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵ بکات. ئەم بێئاگاییو کەمتەرخەمیەی حکومەت بۆتەهۆی کەمی داهاتی تاکەکەس لەگوندەکان، بەجۆرێك کە جووتیاران نەتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن بەپیشەی کشتوکاڵ کردن بۆیە پەنایان بردۆتەبەر گەران بەدوای سەرچاوەی تازەی گوزەرانیان. هەربۆیە زۆرێك لە جووتیاران بۆ دۆزینەوەی کار ڕوویان لە شارەکان کردوە یان هەر لەگوندن بەلاّم کاری جووتیاری ناکەنو ڕویان کردۆتەکاری سەبازی یان چەندان کاری دی وەکوخۆدامەزراندن لەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی گوندەکان ڕووەوچۆڵبوونبن. واتە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بەرهەمهێنی ڕاستەقینە (منتج الحقیقی) بوونەتە خەڵکانیك کەلە ئابووریدا بەبێکاری ڕووپۆشکراو وەسف کراوە چونکە لەراستیدا هیچ داهاتێك بەکارەکەیان ناخەنە سەر داهاتی نەتەوەییمان. ئەمەش وای کردوە لەوولاّتێکی بەرهەمهێنەر ببینە وولاّتێکی بەکاربەر. بوینەتە بازاڕێکی سەرەکی وولاّتانی دراوسێمان بۆساغ کردنەوەی بەرووبوومەکانیان بەتایبەت بەرهەمی خۆراکی (بەهەردووبەشی بەرووبومی ئاژەلیو ڕوەکی)، هەر لەماستو پەنیرو ماسی قتونراو تاکو دۆو ئاوی بەناو کانزایی کەئاوی کانیاوەکانی خۆمانەو بەس ..... هتد. ئەمەش بەگشتی دەکریت وەك گورزێکی گورچك بڕ وەسفی بکەین کەبەر ژێرخانی ئابووری کوردستان دەکەویت. ئەم کارە هۆکاری زۆرەو فرەلایەنە بەلاّم بەگشتی حکومەتی هەرێم پشکی شێری لەم هەڵە مێژوویە بەردەکەوێت چونکە هیچ سیاسەتیکی ڕۆشنو دیاری نیە سەبارەت بە بنیاتنانی ئابووری کوردستان بەگشتیو کەرتی کشتوکاڵ بەتایبەت.

پێموایە ئەم بابەتە زۆر لەوەقوڵترە کەبتوانم لەم نوسینەدا هەموو ڕەهەندەکانی بخەمە ڕوو، بەلاّم هەرچۆنێك بیٚ تیشك خستنە سەر گرفتێکی لەم چەشنە بەهای خۆی هەیە بەهیوای کەئابووریناسانمانو پیاوانی دروستکەری بڕیار ئەگەر هەبوون ئاوڕیکی باش لەم لایەنەبدەنەوە. هەر بۆیە پێشنیاردەکەم بۆ حکومەت و دەزگابەرپرسەکان ئاوڕێك لەم گرفتە گەورەیە بدەنەوە ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەم خالاّنەی خوارەوە:

١- گرنگی زیاتر بدرێت بە دابین کردنی خزمەتگوزاییەکانی وەك کردنەوەی خوێنگاو نەخۆشخانەو پڕۆژەکانی ئاودێریو ئاوی خواردنەوە لە گوندەکان.


٢- خویندەوارکردنی خەڵکی لادێکانو ڕاهێنانیان لەسەر شێوازی تازەی بەرهەم هێنان تاکو بتوانن بەباشترین شێوە سود لە زەویەکانیان وەربگرن ئەوەتا تەنها وەلاّتانی هندوچین ٦٠٪ی بەرهەمی برنجی جیهان بەرهەم دێنن.

٣- بەکارهێنانی شێوازی زانستی لەخستنە بازاردا (وەك پاراستنی بەرهەم لەناو ساردکەرەوەدا) تاکو جوتیاران نەبنە نێچیری دەستی بازرگانانی مشەخۆر کە بەرهەمەکەیان بەنرخێکی هەرزان لێدەکڕنو خۆیان بەئارەزوی خۆیان دیفرۆشن.

٤- پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بەجوتیاران بۆ بنیاتنانی کێڵگەی تایبەت لەژێر چاودێری ئەندازیای لێهاتودا تاکو جوتیار ڕادەهێنرێت لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی بەرهەمی تازە.

٥- هێنانی ئامێرو تەکنەلۆژیای تازەو فرۆشتنی بە جوتیاران بەنرخیکی گونجاو، یان بەشێوەی قەرزی بەش بەشەکی.

٦- کارئاسانی بۆ وەرگرتنی قوتابیانی گوندنشینەکان لە کۆلیژو بەشەکانی کشتوکاڵ لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان تاکو بتوانن لە دوای دەرچونیان خزمەتی گوندەکانیان بکەن.



# تیرۆریستان خەلافەتێكی ئیسلامییان ڕاگەیاندبوو

## ئەو خەلافەتە لە ناوچەی دەشتەكانی سنووری دیالە(تەبچ) ڕووخا

ڕاپۆرتی / گەرمیان حەمەخان ـ گەرمیان



دوای تێكشكانی سوپای عێراق لە بەرامبەر سوپای ئەمریكا لە پرۆسەی ئازاد كردنی عێراق، بەشێك لەو سوپا تێكشكاوە لە چەند ناوچەیەكی سوننە مەزهەبی عێراق خۆیان حەشارداو دواتر بە دروست كردنو ڕێكخستنی چەند گروپێكی تیرۆریستیو بەشێكیشیان بە چوونە ناو ڕێكخراوی قاعیدە دەستیان كرد بەكاری تیرۆریستیو گرتنو كوشتنو ڕفاندنی هاولاّتی سڤیل، سنوری پارێزگای دیالە بەتایبەت ناوچەكانی جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپەو لەوێشەوە تا دەگاتە دووز یەكێكە لەو شوێنانەی كە گروپە تیرۆریستییە عەرەبە سوننە مەزهەبەكان خۆیان تێدا حەشاردابوو ڕۆژانە چەندین كاری تیرۆریستی وەك ڕفاندنی خەڵكو كوشتنو هێرش كردنە سەر پۆلیسو هاوان بارانكردنی شارو شارۆچكەكانیان ئەنجام دەدا، بە شێوەیەك لەو ناوچەدا گیرسابوونەوە كە بە شێوەیەكی فەرمی بنكەو بارەگایان دانابوو.

لە بەرامبەریشدا دوای چەند جارێك شكست خواردنی سوپای نوێی عێراق لە ڕزگار كردنی ناوچەكە ئەمرێكا داوای لە هێزی پۆلیسی كوردستان كرد ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆ، لەسەر داوای هێزەكانی فرەنەتەوەو لیژنەی بالاّی ئەمنی كورستانو فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ هێزەكانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بەپێی بەرنامەڕێژییەكی وورد بۆ بنەبڕكردنی تیرۆرو توندوتیژیو سەقامگیربوونو دابین كردنی ئارامی زیاتر بۆ ناوچە جیاوازەكانی پارێزگای دیالە توانرا لە چەند هەڵمەتێكدا گووندەكانی ( تەبجی یەك - تەبج دوو - تونێرە - چاغات - ئەلبوگعەیید - ئەلبودەڕاج - ئەلبوعجاج - علێمات - ئەلبەعس - تەل ئەحمەر - جزیرە دەربان - باهیزە ) لە تیرۆریستان پاك بكرێنەوە جێگەی ئاماژە پێكردنە ڕووبەری ئەم گوندانە نزیكەی بیست كیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێتو لە میانەی ئەو هەولاّنەدا چەندین تیرۆریستكارو گومانلێكراوو كەسانی داواكراو لە لایەن یاساو دادگاوە دەستگیر كراون وێڕای دۆزینەوەوخاپور كردنی دەیان مۆڵگەو شوێنی حەوانەوەی تیرۆیستانو دەستگرتن بەسەر چەندین پارچە چەكی بێ شومارو ئەو كەرەستانەی كە لە قێزەونترین كردەوەی تیرۆیستیو دژ بەمرۆڤایەتی بەكاردەهێنرێن بۆ لە خشتەبردنی دیموكراسیو بەهای ئاشتیو پێكەوە ژیان. ئەو ناوچەیە كە ئێستا لە تیرۆریستان پاككراوەتەوە بە (تەبچ) ناو دەبرێت، ناوچەیەكی فراوانەو دانیشتوانەكەی هەموو عەرەبی سوننەنو هاوكاری سەرەكی گروپە تیرۆریستییە عەرەبە سوننە مەزهەبەكانن كە هەموویان پاشماوەی سوپا تێكشكاوەكەی بەعسن، هەموویان بە كشتوكاڵەوە خەریكن، هەوڵماندا گفتوگۆ لەگەڵ چەند كەسێكدا بكەین لە گوندی (تەبچ) واتە ئەو گوندەی كە هەموو ناوچەكەی بەناوەوە ناونراوە. تەبچ ٧٥ خێزانی تێدایەو زیاتر لە ١٠٠٠كەس دەبن بەلاّم ناوچەی تەبچ لە چەند گوندێك پێكهاتووە كە نزیكە ٧ كم چوارگۆشەیە، بەیانی بوو پیاو لە گوندەكە نەمابوو تەنها ئافرەت نەبێ كە بە گووتەی خۆیان پیاوەكانیان لە سەر كار بوو، بەلاّم ئەو پۆلیسانەی كە هاوكارییان دەكردم ئاماژەیان بەوە دەكرد كە گومانیان لە خۆیان هەیەو لە ترسان هەلاّتوون، تەنانەت دەیانگووت كە ئیرهابیەكان پێیان گووتوون ئەمانە كە دێنە سەرتان جگە لە سوتاندنی باخو بێستانو كشتوكاڵەكانتان گەنجو منداڵەكانتان دەكوژنو كچەكانیشتان دەبەن، هەر بۆیە تائێستاش زۆربەیان ڕۆیشتوونو دەزانن ئێمە هاوكاریانیین لێیان دەگەڕێتەوە. ئەو ئافرەتانە هەموویان



ڕووخسارییان داپۆشیبوو، ناوی حۆشیانیان پێ نەدەگوتین، ئامادەنەبوون تەنانەت دان بە بینینی ئەو گروپانەشدا بنێن دەیانگووت هەر دەبیستین هەن‌و جارجاریش گوێمان لە دەنگی تەقینەوەو هاوان دەبێت، بە ترس‌و دڵەڕاوکێوە دەیانگووت "پێمان خۆشە ئەم هێزانە لێرە بمێننەوە، ئێمە لە گەڵ کورد ئیسلامین‌و براین". بە ڕووخسارییاندا دیار بوو لەوە دەترسان کە ئەگەر هات‌و ئەو هێزانەی پۆلیس تاسەر لەوێ نەمێننەوەو ئەمان قسەیەك بكەن دواتر دەكەونە بەر هێرشی تیرۆریستان. ئێمەش هەر لەبەر ئەمە زۆر لە سەری نەچوین تا نیوەڕۆ هەندێك لە پیاوەكانیان هاتنەوە ناو دێ. پیاوێكی بە تەمەنی ڕەش تاڵەی باڵا بەرزكە ئەویش ناوی خۆی پێنەگوتین لە گەڵ سەلام كردندا بۆ نیشانداندانی پاكی خۆی گووتی "ئێمەو كورد براین". بەڵام ئەویش نكوڵی لەوە دەكرد كە هیچ چەكدارێك چوو بێتە گوندەكەیان‌و گووتی "شێخ ئەدیبی شێخی گوند بە فەرماندەی ئەم هێزانەی گووتووە: ئەگەر هەر كەسێك لەم گوندە پەیوەندی لە گەڵ ئەو گروپانەدا هەبێت، ئێوە نا خۆمان دەیكوژین" ئەوەشی گووت كە چەند كەسێك لەو گوندەی ئەوان لە لایەن تیرۆریستانەوە كوژراون كاتێك لە ڕێگادا بۆمبیان پێدا تەقیوەتەوە. ماڵی شێخ ئەدیب كە شێخی گوندەو خۆی كابرایەكی باڵا بەرزی سمێڵ زیویە، دەكەوێتە ناوەندی گوندەكەو بینایەكی گەورەو ڕازاوەو دیوەخانێكی گەورەی هەیە "ئەو نكوڵی لەوە دەكرد كە چەكدارە تیرۆریستییەكان لەماڵەكەی ئەو دا حەسابێتنەوە بە تایبەن شەوان" كە ئەم زانیارییەمان پێشتر پێدرابوو. حەسیب محەمەدی موختاری گوندەكەش پاڵ پشتی قسەكەی شێخی كردو گووتیشی "ئێرە ناوچەیەكی كراوەیە لێرەوە تادەگاتە دووز، تیرۆریستان لەو نێوانەدا كاری تەقینەوەو شتیان ئەنجامداوە، بەڵام بنكەیان نەبووە".

عەقید چەتۆ ساڵەح فەرماندەی هێزەكانی پۆلیس لەو ئۆپەراسیۆنە ڕایگەیاند "دوای ئەوەی لەلایەن هێزەكانی فرەڕەگەزەوە داوای ئازاد كردنی ناوچەكەمان لێ كرا، بە ٤٧٠ پۆلیسەوە هاتینە ناوچەكە كە تیرۆریستان تەعدایان لە خەڵك دەكردو پەلاماری هێزەكانی فرەنەتەوەو سوپای عێراق‌و پۆلیسی ئێمەیان دەدا، ئێمە كاتژمێر پێنجی بەرەبەیانی ٢٦/٦ گەشتینە ئێرە بەڵام تیرۆریستان كە بیست ئۆتۆمبیل بوونە پێش گەیشتنی ئێمە كاتژمێرای شەو هەڵاتبوون" ناوبراو ڕاشیگەیاند "تیرۆریستان لێرە خەلافەتی ئیسلامیان ڕاگەیاندبوو هەر كەسێكیش كەلە سوپای عێراقدا ببووە پۆلیس بانگیان كردبوونە مزگەوت‌و تۆبەیان پێ كردبوون كە ئیدی نەچنەوە ڕیزی سوپای عێراق". عەقید چەتۆ ڕوونی كردەوە كە لە سەرەتای هەڵمەتەكەوە تا ئێستا هیچ شەهیدو بریندارێكیان نییەو زیاتر لە ٢٠٠ كەسیان گرتووە كە ٢٠ كەسیان داواكراوبوون‌و لە نێویاندا عەرەبی سووری هەیە، ئەوانی تریش هەڵاتوون بەڵام دەزانن لە كوێن‌و لە بەرنامەدایە لە داهاتوودا بچنە سەریان‌و هەموو ناوچەكە ئازادبكەن. فەرماندەی



هێزەكانی پۆلیسی گەرمیان لە ئۆپەراسیۆنی دژ بە تیرۆریستان لە جەلەولا ئەوەشی ڕوون كردەوە كە لە ئایندەدا هەموو ئەو ناوچانە لە تیرۆریستان پاك دەكرێتەوە بەڵام ماوەی كۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنەكەی دیاری نەكرد، هەروەك ترس‌و هاوكاری نەكردنی عەرەبەكانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە كە لەوە دەترسن دوای ئەوەی ئێمە بە جێیان بێڵین چەكدارەكان سەریان دەبڕن.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨/ ٧ /٢٠٠٧ لە كەلار لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسیدا كە بۆ عەمید چەتۆ ساڵح سەركردەی هەڵمەتەو بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان ڕێكخرابوو تێیدا ناوبراو باسی لە چۆنیەتی هەڵمەتەكەو دەستگیركردنی گومانلێكراوو ئەو تیرۆریستانەش كرد كە بریتییبون لە ١٠ تیرۆریستی سەربە گروپی ئەنسار ئەلسوننەو لە كۆنگرەكەدا نیشان دران.

